# حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی عێراق بەم نزیکانەکۆنگرەی چوارهەمی دەگرێت!

لە ڕێگای ئەم بەیانەوە گرتنی کۆنگرەی چوارهەمی حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی عێراق ڕادەگەیەنین. بەپێی بڕیاری کۆمیتەی ناوەندی حزب کەلە 2007/10/24دا بڕیاری لەسەر دراوە، حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی عێراق کۆنگرەی چوارهەمی خۆی لە چەند مانگی داهاتوودا دەگرێت. لەپێناو بەشداریکردنی جەماوەرو دۆستو لایەنکراندا لە باسو بریارەکانی کۆنگرەی چوارهەمدا، بانگەوازی هەموان دەکەین کە هەر کەسێك باسو بریارو تێبینیەکی هەیە تا کۆتایی ئەم مانگە، مانگی تشرینی دووەم بەدەستمانی بگەیەنێت.

زانیاری زیاتر لە پەیوەند بەکۆنگرەی چوارهەمو باسو بریارە پێشنیارکراوەکانو پەیرەوی ناوخۆی هەلبژاردنەکانی نێونەران، دواتر بلاودەکرینەوەو هەروەها لەمبارەوە بلاوکراوەیەکی تایبەت بلاودەکریتەوە بەنیوی "کۆنگرەی چوار" وە.

**کۆمیتەی ناوەندی**

**حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی عێراق**

**2007/11/7**